# زانایانی کوردستان و هزری فەلسەفیی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا

**پ.ی.د. حەیدەر لەشکری**
بەشی مێژوو، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە
Haidar.lashkry@koyauniversity.org

**پوختەی توێژینەوە**

بابەتی ئەم توێژینەوەیە، بەشداریکردن و هەڵوێستی زانایانی کوردستانە لە بیرکردنەوەی فەلسەفی، لە شارستانیەتیی ئیسلامیدا. تێیدا تیشک خراوەتە سەر پەیوەندی کورد بە بیرکردنەوە بە گشتی و بیرکردنەوەی فەلسەفییانە بەتایبەتی، ئەو پەیوەندییەش پەیوەست بووە بە مێژووی گەشەسەندنی تێگەیشتنی دەستەبژێری ئەو پانتاییە لە باوەڕە ئایینیەکە خۆی، کە ئیسلامە. دەستەبژێری کوردستان، کە زیاتر بریتی بوون لە زانا ئایینییەکان، تێکەڵ بە ئەزموونی ئایینی قوتابخانە فیقهییە سەنتەرگەراکان ببوون، تێز و ڕوانگەی ئەوانیان قەبوڵکردبوو. لێرە بەدواوە ئەگەر کورد سەرەدەری لەگەڵ بیرکردنەوەی سیستەماتیکدا کردبێ، ئەوا لەڕێگای ئەو دەستەبژێرە و لەدوو توێی ئەو تێز و ڕوانگەیەوە بووە، کە گەلاڵەیان کردووە لەبارەی کایە زانستییەکانی پانتایی ئیسلامی، لەوانەش "زانستە عەقڵییەکان – العلوم العقلیة"، بەتایبەت فەلسەفە و مەنتق. هەندێک لە زاناکان ڕاستەوخۆ بەشداریان کردووە لەبەرهەمهێنانی ئەم زانستانە، هەندێکیشیان بە کاریگەریی لاگیریی مەزهەبی و هەڵوێستیی باوەڕیانەیان دژایەتیان کردووە. بەڵام بەگشتی ڕۆڵی زانا کوردەکان لە برەودان بە زانستە فەلسەفییەکان جێگەی سەرنج بووە و تا درەنگانێک، بەشێک لەم زانستانە، لە بنکە ئایینی – زانستییەکانی کوردستاندا دەخوێنران.

**وشەسەرەکییەکان:** کورد و ئیسلام، فەلسەفەی ئیسلامی، مەنتیق، قوتابخانەی ئایینی.

**سەرەتا**

تێگەیشتن لە فەلسەفە و زانستەکانی و بەرهەمهێنانەوەی بە فۆرمە ئیسلامییەکەی، لە چوارچێوەی تێگەیشتنی کەلتوری ئیسلامیدا بووە، بۆ ڕۆڵی کایە زانستییەکان لە سنوری باوەڕی ئایینیەوە. لەو بابەتانەش، کە هاتە نێو پانتایی ئیسلامی و مشتومڕی زۆری لەگەڵ خۆیدا هێنا، ئەوە بوو کە چ نەتەوەیەک دەتوانێ فەلسەفییانە بیر بکاتەوە و بەشدار بێ لە بەرهەمهێنانی. ئەمە ڕێگا خۆشکەر بوو بۆ مەسەلەی پۆلێنبەندکردنی نەتەوەکان، بە پێی توانای بیرکردنەوەیان. کوردەکان لەو نەتەوانە بوون، کە لەو مشتومڕەدا ناویان دەهێنرا، ئەوان وەک بەشێکی مرۆیی و درێژکراوەی جوگرافییانەی پانتایی ئیسلامی، کەم تا زۆر، بەشداریان لە کۆی شارستانییەتی ئیسلامیدا کردووە؛ قسە لەسەر پێگەی ئەوان و توانای بەشداری کردنیان لە بەرهەمهێنانی فەلسەفەدا کراوە و کارا مێژووییەکانیشیان جێگەی خۆیان لە نەخشەی هزری ئیسلامیدا کردۆتەوە. ئێمە لێرە قسە لەسەر بینراوی سەر نەخشەکە دەکەین، نەک ڕووە نەبینراوەکەی چالاکی هزری گروپێکی ئێتنی وەک کورد، کە پتر ئاستە کۆمەڵایەتییەکەی بیرکردنەوە بوو، بە زمانە هەژموونگەراکان، کە سەرەتا زیاتر "عەرەبی" بوو و دواتریش فارسی. بەڵام ئەمانە نابنە گوتار و بۆ وەرگرەکەیشی وەک حاڵەتی نائاسایی دەبینران. کوردی بیریار، ئەو کەسە بووە، کە لە نێو سیستەمی فەرمی بیرکردنەوە، بە هەمان شێواز و هەمان ئامراز و لە دووتوێی کایەی باوی زانستی بیری کردۆتەوە. ئەمەش ڕێک پەیوەست بووە، بە پێگەی ئاینییانەی کورد و تێگەی زانستییانەی دەستەبژێرە ئاینییەکەی، لە قۆناغی دوای هەژموونی دەسەڵاتی ئایینی و کارگێڕییانەی دەوڵەتی خەلافەتەوە.

**یەکەم: فۆرمەلەبوونی ئیسلامی کوردی و سنورەکانی بیرکردنەوەی فەلسەفییانە**

پرۆسەی موسڵمانبوونی کورد، ئاستی بینراویی و نەبینراویی ئەوانی لە ڕووتەختە شارستانییەکەدا دیاری کردوە و دەستنیشانی هەڵوێستی گشتی و چۆنییەتی وێناکردنیانی کردوە. ئەو پرۆسە بە یەک ئاڕاستە و شێواز نەبووە،

بەڵکو کاریگەری دەرکەوتە جیاوازەکانی ئایینی ئیسلام خۆی بەسەرەوە بووە. بەتایبەت دوای سەرهەڵدانی ڕاڤەی پێچەوانە و دژیەک بۆ ئایینەکە و گەڵاڵەبوونی کەناڵی جیاواز بۆ خوێندنەوە و قەبوڵکردنی لەو پانتاییەی تێیدا بڵاوبۆتەوە. ئیدی ناسینی کوردانە بۆ ئیسلام و ناسینەوەی ئیسلام بۆ کەسێتی کوردی، لە ماوەی درێژی مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستدا، بە یەک فۆرم نەبووە و هەڵبەز و دابەزی تێکەوتووە. ئەوەی لەم پرۆسێسە مێژووکردەدا بەجێگیری دەبینرێ وێنای کۆمەڵایەتییانەی کوردە، کە خێڵەکیبوونە و دەرکەوتەکانییەتی، کە لە زۆربارادا بۆ بەردەنگی تێگەی ئاینییان، بەو بنەما جێگیرە گرێدراوە. بەتایبەت بەر لە قۆناغی گەڵاڵەبوونی سوننییانەی ئیسلامی کوردی.

ئەگەرچی لە ماوەی درێژی قۆناغە مێژووییەکەدا، سوننەگەرایی هەموو کوردی لەخۆ نەگرتووە؛ نەیتوانیوە تەواوی باوەڕە لۆکاڵییەکانی کوردستان، چ ئەوانەی ڕەگەزی پێش ئیسلامییانەیان هەبووە یانیش ئەوانەی بە ئیسلامی نەخوازراو دانراون، کۆتایی پێبێنێت، هەروەها نەیتوانیوە ڕێگریش بێ لەبەردەم تەشەنەکردنی – با سنورداریش بێ – ئیسلامی غەیرە سوننە. بەڵام لە فەزای گشتیدا، کوردی بیناو کوردێکی سوننە بووە، بە فۆرمە شافیعییەکەی و بە تێگەیشتنە ئەشعەرییەکە بۆ باوەڕ (ئەمین، ٢٠١٧، ١٨٠). بە چەشنێک، کە کوردی سوننە و کوردە شافیعییەکان دوو ناونیشانی باوی ناسنامەی ئایینی ئەوان بووە: ((هەموو کوردەکان شافیعیین)) (ابن تیمیە، ١٩٩٥، ٣/ ١٩٧). بۆیە لەو چوارچێوەیەدا ئاڕاستە و تێگەی ئایینیان دەناسرایەوە. تا ئاستی تایبەتمەندی لە باوەڕیشدا (سید مرتضی، ١٣٨٣هـ‌ش، ٩٩). تەنانەت وایلێهاتووە ئەگەر کەسێتییەکی کورد سوننیانە دەرنەکەوێ، وەک حاڵەتێکی نامۆ چاوی لێ بکرێ[1].

ئەوەی لەو مێژووی گەشەسەندنی شەریعەتییانەی ئیسلام بۆ ئێمە گرنگە، ئەو پەیوەندییە دیار و نادیارەیەتی، کە بە توانای بیرکردنەوەی مەنتقییانە و فۆرمی ئەو بیرکردنەوەدا دەبینرێ و قسەی لەبارەوە دەکرێ. لە نێو سیستەمی فیقهیی شافیعییدا، ئەو کەسەی گەورەترین ڕۆڵی لە دیارکردنی

ئاڕاستە و فۆرمەکانی بیرکردنەوە بەگشتی و پێگەی فەلسەفە، بە تایبەت مەنتق، لە نێو ئەو سیستەمەدا هەبووە، ئەبو حامدی غەزالییە (م.٥٠٥ک/١١١١ز).

لێکۆڵینەوەی زۆر لەسەر غەزالی و کاریگەری بەسەر بیرکردنەوەی فەلسەفی لە کۆی جیهانی ئیسلامیدا کراوە. هەڵوێستی ئەو لە فەلسەفە و مەنتق بە باشی ڕوون بۆتەوە. بۆیە ئێمە نایەنە سەر وردەکاری تێخوێندنەوەی فەلسەفییانی غەزالی. ئەوەندە دەڵێین، کە ئەو بەو توانا گەورەیەی لە خوێندنەوەی کولتوری یۆنانی هەیبووە، لەگەڵ باڵادەستیی بەسەر زانستە ئیسلامییەکان، بە فۆرمێکی دیارکراوی لەخۆگرتنی کولتورە یۆنانییەکە گەیشتووە، لە چوارچێوەیەکی تەسکی تێگەی ئایینیدا. ئەو وەک بەردەوام وەک ڕەمزی دژە فەلسەفە قسەی لەبارەوە دەکرێ، تەواوی زانستە فەلسەفییەکانی ڕەت نەکردۆتەوە، بەڵکو شەن و کەو و پەڕوباڵی کردوون. ویستویەتی ئەوەیان تێدا بهێڵێتەوە، کە دەقی بنەڕەتی بەتایبەت و ترادیسیۆنی ئایینی بەگشتی، دەتوانێ لە خۆی بگرێ. ئەم کارەی پتر لەگەڵ مەنتقدا کردووە. بە میتۆدێکی دیارکراوەوە، بە ئیسلامیی کردووە. ئەو ڕەخنەی ئەوەی لە مەنتقی گریکی گرتوە، کە پێی وابووە دەرەقەتی ئایین نایەت. ئینجا لە نێو دەقی بنەڕەتیدا (قورئان) بەدوای ئەو پێوەرە لۆژیکییانەدا گەڕاوە، کە لە کایەکەدا هەبوون. دواجاریش، ڕایدەگەیەنێ، کە دەق مەنتقی خۆی هەیە. بۆیە ناشی هیچ گومانێک لە پێوەرە مەنتقییەکان بکرێ (الغزالي، ٢٠٠٣، ١٨١-٢١١).

لە ڕاستیدا، ئەوەی غەزالی کردوویەتی، ناڕاستەوخۆ لەڕێگەی ڕەتکردنەوەی فەلسەفە لەخۆیدا و بە بەهانەی ڕەسەنی ئایینیانەی بنەما مەنتقییەکان، بنەماکانی مەنتقی ئەرستۆیی لەنێو گوتاری عەقیدەیی خۆیدا چەسپاند(عنيات، ٢٠١٣، ١٠١-١١٢). ئەمەش بە جەختکردنەوە لەسەر توانای بەرزی مەنتقی قورئانی، لە بەڵگەهێنانەوە و سەلماندندا؛ بەڵگە و سەلماندنی ئایینیانە. کە لەو گونجاندنەی مەنتق خۆی لەگەڵ کایەی ئایینی، دروست بووە. هەربۆیە هەوڵیدەدا پێگەی مەنتیق لە نێو سیستەمی پەیوەست بە

بنەماکـانی ئـایین پـتەو بکـات. ئەمەش لەو بـاوەڕەوە، کە دەشـێ چەمـک و کاتیگۆریا مەنتیقییەکان (ڕەها، تایبەت، هەمەگیر...هتد) لەنێو ئەو گوتارەی ئەم سیستەمە بەرهەمی دەهێنا ڕەنگ بدەنەوە.

بەهەرحاڵ، ئەو ڕوانگەیەی غەزالی، لە ماوەی درێژی مێژووی ئایینی لە کوردســـتان، لەلایەن دەســـتەبژێریی کـــوردییەوە قـــەبـــوڵکراوە و تێـــز و بۆچوونەکانی کاریان پێ کراوە. دەبینین لە حوجرە و قوتابخانە ئایینیەکانی شار و دێهاتەکانی کوردستاندا، دەقەکانی لەبەردەگیرانەوە و شرۆڤە دەکران. بەڵام ئەوە بەو مانایە نایەت ئەم ڕوانگەی غەزالی لە لای تەواوی زانا کوردە شافیعییەکاندا قەبوڵکراوە و کاری پێکراوە. بەتایبەت لەو ماوە مێژووییەی، کە ئیـدی ئیشـکردن لەسـەر زانسـتە عەقڵییەکـان و سـەرقاڵبوون بە فەلسـەفە، نەخوازراو دەبێ و موسوڵمانان جیهادکردن لە پێشتر دەزانن، لە بەرهەمی عەقڵانی؛ سەردەمی ڕووبەڕووبوونەوەی موسڵمانان لەگەڵ خاچییەکاندا، کە تێیدا کوردە ئەیوبییەکان ڕێبەرێتی موسڵمانانیان دەکرد و ڕۆڵیان لە داڕشتنی سیاسـەتـی ئـایینی سـەردەمـەکـە هـەبـووە (بدوي، ١٩٨٣، ٢٧٥-٣١٣). لـە چوارچێوەی ئەو سیاسـەتـەدا، کەسێکی وەک ئیبن صـەلاحی شـارەزووری هەڵوێستی خۆی لەبارەی فەلسەفە و مەنتق ڕاگەیاندووە.

### ئیبن صەلاحی شارەزووری و ڕەتکردنەوەی زانستە فەلسەفییەکان

تەقیەدین ئەبو عەمر عوسمانی کوردی، ناسراو بە ئیبن صـەڵاحی شارەزوری (٥٥٧-٦٤٣ک\ ١١٨١-١٢٤٥ز)، پەروەردەکراوی نێو ئەو فۆرمەی مەزهەبی شافیعی بوو، کە لە کوردستاندا باوبوو و ئەویش لە شارەزوور لەسـەر دەسـتی بـاوکی وەریگرتبـوو (ابـن خلکـان، د.ت، ٣/ ٢٤٥). خوێنـدنی دواتـری و گەڕان و سـوڕانی بە بـنکە زانسـتییەکانی ڕۆژهەڵاتـی جیهـانی ئیسـلامی، کەسێتییەکی فیقهیی دۆگمـای بـۆ دروسـتکردبوو. دەڵـێن لە نێـو زانسـتە ئایینیەکانـدا ئەوەنـد قـووڵ ببـۆوە، تـا ئاسـتی ئەوەی ئـارەزووی وەرگرتنی غەیرە زانست، بەتایبەت زانستە عەقڵییەکانی سنوردار بووە. ئەمە لە پەیوەنـدی ئەو بە ئەڵـقەی زانـای هەولێـر کەمـالەدین یـونس (٥٥١-٦٣٩ک/١١٥٦-١٢٤٢ز) لە موسـڵ، بە ڕوونـی دیـارە؛ ئەو فەقـیهە شـافیعییەی

بەسەر زانستە عەقڵییەکاندا کراوە بووە، تەنانەت لە ڕیزی فەیلەسوفانەوە دادەنرا (الشهرزوري، ٢٠٠٧، ٣٩٧). کەماڵەدینی هەولێری، دوای ماوەیەک لە گوێگرتنی ئیبن صەلاح لە وانەکانی، لەوە تێگەیشت ئەم کەسە توانای گونجانی لەگەڵ زانستە عەقڵییەکان نەبووە و بۆ گوێگرتن و گفتوگۆی بابەتی پەیوەست بەم بوارانە دەست نادات. بۆیە خۆی داوای لێکردووە وانەکانی جێبێڵێ: (( ئەی فەقێ، پێمباشە دەست لە ئیشکردن لەسەر ئەو کایە هەڵگری. ئەویش پێی گوت: بۆچی مەولانا؟ گوتی: چونکە خەڵک باوەڕی چاکیان بەتۆیە. هەرچی ئیشیش لەسەر ئەو زانستانە بکات، بە خراپبوونی باوەڕ تۆمەتباری دەکەن. بۆیە بەم ئیشەت باوەڕی ئەوان بە تۆوە تێکدەچێ، تۆش هیچ لە زانستەکان فێر نابی. ئیبن صەلاحیش بەگوێی کرد و چیدی مەنتقی نەخوێند)) (ابن خلكان، د.ت، ٣/ ٢٤٥).

بۆ ئیبن صەلاح، لەو قۆناغەی پێگەیشتنیەوە، ئیشکردن لەسەر زانستە فەلسەفییەکان لەسەر حیسابی زانستە ئایینیەکان بووە، کە پێی وابووە دەبێ تەواوی کاتی خۆی بەوانەوە سەرقاڵ بێ، بەتایبەت "زانستی فەرموودە – علم الحديث". بۆیەشە، کە وەک زانایەک دەناسرێ، بێهاوتا دەبێ لەم بوارە و ئەوەی ئەو دەیکات و لە دوتوێی کتێبەکەی خۆی "في علم الحديث" دایڕشتووە، دەبێتە سەرچاوەی بنەڕەتی بوارەکە (Dickinson, 2002, 481). ئیدی تا ئێستاش لە قوتابخانە ئایینیەکان، تەنانەت لە دەزگا ئەکادیمییەکانیشدا، وەک تێکستی هەرە بنەڕەتی تێگەیشتن لەم زانستانە، ماوەتەوە.

لەبەرامبەردا، ئەو دەستی لە مەنتق هەڵگرت. ئیدی کە – وەک دەگوترێ – لە نێو ئاسۆی بیرکردنەوەیدا جێگای نەدەبۆوە(جولدتسهير، ١٩٨٠، ١٥٩). بۆیە تێدەکۆشا لە ئاسۆی گشتیشدا پەنهانی بکات. ئەو بەحوکمی توانای خۆی لە بەڕێوەبردنی سەرمایەی ڕەمزی، لە چوارچێوەی ئەو قەوارە سیاسییەی تێیدا ژیاوە (دەوڵەتی ئەیوبی)، هەروەها ئەو پۆستە ئایینی – کارگێڕییەی هەیبووە (قازی و موفتی)، ڕێگەی ئەوەی بەخۆی داوە بە نەریتی باوی زانستەکانی سەردەمەکەی بچێتەوە. وەک چاودێرێک بەسەر

بەرهەمهێنانی زانست و خوێندنیاندا، خۆی بنوێنێ (یاسین، ٢٠١٢، ١١١، ١١٧). ئیدی فەتوایەک دەدات، دەبێتە کۆڵەگەیەکی بنەڕەتی بۆ ڕەوتی دژە فەلسەفە و مەنتق لە پانتایی ئیسلامیدا.

ڕەنگە لە یەکەمین ئەو توێژەرانەی قسەیان لەسەر فەتواکەی ئیبن صەلاح و گرنگیی، لە کۆی گوتاری سوننەگەرای پەرگیر لە تێگەیشتنی بۆ فەلسەفە و زانستە عەقڵییەکان بەگشتی، کردبێ ڕۆژهەڵاتناسی دیاری هەنگاری "ئیگناس گۆڵدزیهر – Ignaz Goldziher" (م. ١٩٢١) ، دامەزرێنەرێکی هەرە گرنگی ئیسلامۆلۆژیای مۆدێرن، بێت. گۆڵدزیهر لە لێکۆڵینەوەیەکی گرنگیدا، شرۆڤەی دەقی فەتواکەی ئیبن صەلاحی کردووە. ئەو بەگشتی پێی وابوو پەرگیرانی سوننە لە دژایەتیکردنی زانستە فەلسەفییەکاندا زۆر توند بوون. تا ئەوکاتەش پشت و پەنایان هەبووبێ، توندتر و بە زەبروزەنگەوە ڕووبەڕووی ئەم چەشنە زانستانە بوونەتەوە؛ ئیبن صەلاحی شارەزووریش نموونەی هەرە گرنگ و دیاری ئەم شرۆڤەیەتی (١٩٨٠، ١٢٥).

هەرچۆنێک بێت، ئەوەی بە وردی فەتواکەی ئیبن سەلاح بخوێنێتەوە، تێدەگا، کە ڕەخنەی ئەو لە فەلسەفە و مەنتق، ڕەخنەی کەسێکە لە دەرەوەی ئەم کایانە بووبێت و نەیتوانیبێت یاخود نەیویستبێت لەوە تێبگات، کە دەشێ لە تێگەیشتنی ئایینیدا سود ببەخشن. بۆیە بۆ ئەو گرنگ نییە، کە چەندە بەڵگە و سەلماندنە فەلسەفییەکاندا لە خۆیاندا دروستن یان نا، فەلسەفە چی هەیە بیڵێ، تەنیا ئەوەی بۆ گرنگە، کە ئەم بەڵگە و سەلماندنانە تخونی کایەی ئایینی نەکەون و جێگەی شەریعەت لەنێو گوتراوەکانیاندا نەکرێتەوە. ئەو دابڕانێک لەنێوان فەلسەفە و ئاییندا دەبینێ و پێی وایە ئاوێتەکردنیان مەترسیدارە، بێگومان لەسەر ئایین خۆی. شەریعەت تەواوە و پێویستی بەوە نییە بەهانەی تەواوبوون و کامڵ بوونی لەنێو کاتیگۆرییا فەلسەفییەکاندا بدۆزرێتەوە یاخود شرۆڤە بکرێ. لەلای ئەو ڕێگای ناسینی حەقیقەت، ڕێگای ئایین خۆیەتی. بواری بیرکردنەوەی ئایینی و توخمەکانی لەلایەن خودا خۆیەوە دیارکراوە و تێیدا جێگەی فەلسەفە و مەنتق نەکراوەتەوە. نەبوون و دیاری نەکردنی ئەو جێگایەش بە فەرمانی ئیلاهیی، کەمایەتیەک نییە بۆ ئایین خۆی، بەڵکو

ئاماژەیە بۆ بێخەوشیی بنەما باوەڕیی و ڕێسا شەریعەتییەکان لەسەرووی هەر حیکمەتێکی بەرهەمهێنراوی مرۆڤانەوە (ابن الصلاح، ١٩٨٦، ١/ ٢٠٩-٢١٠). بەم تێزە ئەو جەدەلی تایبەت بە پەیوەندی نێوان عەقڵ و نەقل ڕیشەییانە یەکلا دەکاتەوە. بەوەی ئەم دووانە هەردووکیان لەنێو کایەی ئایینیدا بێ دژایەتی دەژین و فەلسەفە و مەنتق پێویست نین بۆ سەلماندن یاخود نەسەلماندن یانیش یەکلاکردنەوەی ئەو مشتومڕە.

لەوەدەچێ ئیبن صەلاح، وەک زۆر زانای دی شافیعیی کورد، لە ناوەندێکی سۆفییانە و نزیک بە ئەلقەی ئەوان بووبێ. بۆیە ئیشی بۆ ئەوەش کردوە، کایەکەی ئەوان لە دەرەوەی ڕوانگە فەلسەفییەکان بهێڵێتەوە؛ لە فەتوایەکی دی تایبەتدا، نەهی لەوە دەکات ئەهلی زانست و سۆفییەکان ئیش لەسەر دەقەکانی ئیبن سینا (م.٤٢٧ک/١٠٣٧ز) بکەن، لەو سۆنگەیەی کە ئەم دەقانە دەروازەیەکن بۆ بەلاڕێداچوون: (( پرسیاریان لێکرد: ئایا ڕەوایە هێندێک لەو موسڵمانانەی لە ئەهلی زانست و تەسەوفن، کار لەسەر بەرهەمەکانی ئیبن سینادا بکەن و کتێبەکانی دەور بکەنەوە؟ ئایا ڕەوایە بە زانای بزانن یان نا؟ ئەویش ڕەزای خودای لەسەر بێ، ئاوا وەڵامی دایەوە: ئەمە ڕەوا نییە. هەر کەسێکیش وا بکات، ئەوا فێڵ و ستەم لە ئایینەکەی خۆی دەکات و خۆی دووچاری فیتنەیەکی مەزن کردوە. ئەو (ئیبن سینا)یە لەڕیزی زانایان نەبووە، بەڵکو شەیتانێک بوو لە شەیتانەکانی مرۆڤ و لە زۆربەی کارەکانیدا سەرلێشێواو بوو)) (ابن الصلاح، ١٩٨٦، ١/ ٢٠٨-٢٠٩).

ئیبن صەلاح دەیزانی نەریتی غەزالییانە هەژموونی بەسەر سیستەمی خوێندنی ئایینی کردبوو و ئاسان نەبوو مەنتق لە نێو سیستەمەکەدا بەتەواوی وەدەرنرێ. تەنانەت دەگوترێ ئەو ڕاستەوخۆ مەبەستی ئەوە بووە ڕەخنە لە غەزالی بگرێ، چونکە پێی وابووە ئەو ڕێگای بەخۆی داوە سنور و سەلماندنی مەنتقییانە بخزێنێتە نێو مێتۆدی کارکردنی زانستە شەرعییەکانەوە، بۆیە سەرباری ئەو ڕێزەی بۆی هەبووە، لە گێڕانەوەی سەربردەی ژیانییدا، تەوەرەیەکی تایبەتی تەرخان کردوە بە لایەنە نەخوازراوەکانی هزری غەزالی، بەتایبەت ئەو کارانە لەسەر فەلسەفە و مەنتق

(ابن الصلاح، ١٩٩٢، ٢٥٢/١-٢٦٤). بەڵام ئیبن صەلاح خۆی لە دەمێکدا دەژی، کە شافیعیگەرایی، بە کاریگەری کوردە ئەیوبییەکان، هەر تەنها مەزهەبێکی باو نییە، بەڵکو مەزهەبێکی فەرمانڕەواش بووە. هەروەها تەنیا لە چوارچێوەیەکی قوتابخانەییانە نەماوەتەوە، بەڵکو بەو پاڵپشتە دەسەڵاتییانەی هەیبوو ئەرکێکی کارگێڕیی - ئایینیشی پێ سپێردراوە و ئاڕاستەی سیاسەتی ئایینی دەوڵەتی دەکرد. بۆیە درکی بەوە کردووە ئەوەی ئەو فەتوای لێ بدات، دەشێ لە نێو ئەم سیاسەتەدا جێکەوتەی هەبێ و گوتاری ئایینی ڕەنگڕێژ بکات. بۆیە لە بەشێکی فەتواکەیدا ڕاستەوخۆ لەو سیاسەتە دەدوێ و ئاماژە بۆ وەلانانی زانستە عەقڵییەکان و زاناکانی لە فەزای گشتی دەکات. کار بۆ گواستنەوەی فەتوا لە دەقەوە بۆ کردار دەکات. نەیدەهێشت لە شام کەس فەلسەفە و مەنتق بخوێنێ یان بیڵێتەوە. پادشاکانیش گوێڕایەڵی کارەکەی بوون (النعیمي،١٩٩٠ ،٢\ ٢٠-٢١).

ئەزموونی زانایەکی دی کوردستان، لەگەڵ ئەم ڕوانگە دژە فەلسەفییەی ئیبن صەلاح نموونەیەکی دیارە. ئەویش "سەیفەدینی ئامەدی"یە (٥٥١-٦٣١ ک/ ١١٥٦-١٢٣٣ز)، کە بەیەکێک لە گەورە زاناکانی سەردەمەکەی لەبواری زانستە عەقڵییەکان دەناسرێ[٢]. سەربردەی ژیانی پێماندەڵێ، کە ئەو یەکێک لە قوربانییەکانی ئەو سیاسەتە ئایینیە بووە، کە ئیبن صەلاح لە دووتوێی فەتواکەیدا، هێڵە بنەڕەتییەکانی کێشابوو. لە وڵاتی شام و میسردا ڕووبەڕووی زانایانی شافیعی بۆوە و بە دوورکەوتنەوە و دەرچوو لە ئایین تۆمەتبار کرا. ئیبن صەلاح قەبوڵی ئەوەی نەبووە ئامەدی لەو قوتابخانانەدا وانە بڵێتەوە و باسی فەلسەفە بکات. ئیبن تەیمیە (١٤٣٥، ٢٦٦) حەکایەتی ئەوە دەگێڕێتەوە، کە شارەزووری لە پشت لابردنی ئامەدی بووە لە قوتابخانەیەکی دیاری دیمەشق و گوایە گوتویەتی: "لێسەندنەوەی ئەم قوتابخانەیە، لە گرتنەوەی عەککا[٣] باشترە". هەرواش ڕوویدا: ئامەدی وەدەرنرا و لە بارودۆخێکی دژواردا سەری نایەوە. ئیدی ئەگەر ئیبن صەلاح فەلسەفاندنی لە فەزای ئایینیدا حەرامدەکرد، ئەوا هاوزەمانی ئەو، فەیلەسوفبوون لە خۆیدا، لە فەزای گشتیی ئیسلامییدا بۆ کورد و بۆ غەیرە

کورد، وەک نەخوازراوێک دەنوێندرا.

ئەگەر فەتواکەی ئیبن صەلاح فەلسەفەی لە زەمینەی سوننەگەرا، کە زەمینەی کوردیش دەگرێتەوە، نەکوشتبێ، ئەوا بەشداربووە لە داڕشتنی ڕوانگەی گشتی ئەوانەی دژەفەلسەفە و دژەمەنتق بوون[٤]. وەک بەڵگەنامەیەکی باوەڕپێکراو وابووە لەدەست خاوەنانی ئەم ڕوانگەیە (جولدزیهر، ١٩٨٠، ١٦٢). ئەمەش هاوکار بووە لەوەی لە فەزاکەدا تاوتوێکردنی ئەم کایانە بێبەها بێ و کەسەکانیش وەک بێباوەڕ و لە ئایین دەرچوو وێنا بکرێن. لە نێو پانتایی کوردیدا، ئەزموونی تاڵی یەک لە فەیلەسوفەکان، جێگەی سەرنج و بایەخە، ئەویش عیززی هەولێرییە.

**العز الضرير؛ فەیلەسوفە نەفرەتلێکراوەکەی هەولێر**

حەسەنی کوڕی محەمەد (٥٨٦ – ٦٦٠ک / ١١٩٠ – ١٢٦٢ک)، لە بنەڕەتدا خەڵکی گوندێکی دەوروبەری شاری نسێبینە. بەڵام بۆ خوێندن هاتۆتە هەولێر. لەوێ بۆ ماوەیەکی زۆر ماوەتەوە و زانستەکانی خوێندووە، فەلسەفەی لەسەر دەستی شێخ شەرەفەدینی هەولێری خوێندووە (اليونيني،١٩٩٢، ٢/ ١٦٧). عیزز کەسێکی ئینسایکلۆپیدیایی بووە، ڕێزمان، ئەدەب، فیقهی ئیسلامی، مەنتق، فیزیک، ثیولۆژیا، مەجستی. ئەمە سەرباری ئەوەی شاعیرێکی گەورە بووە، دووبەیت و چوارینەکانی و چەند دەقێکی تری شیعریی لە پاش بەجێ ماوە. لە وڵاتی شام نەک هەر فەلسەفە، بەڵکو مامۆستای زانستە جیاجیاکان بووە، لە ئەدەب و ڕێزمان و...هتد (الذهبي، ٢٠٠٥، ١٤/ ٢٠١). خۆنواندنی فەیلەسوفییانە لای ئەو، کە پتر کاریگەر بووە بە فەلسەفەی ئیبن سیناوە (اليونيني،١٩٩٢، ٢/ ١٦٧)، بێ پەردە بووە و هاوشێوەی فەیلەسوفانی دی خۆی نەشاردۆتەوە، بەتایبەت لە پشت کایەی زانستی تری وەک پزیشکی .

مێژوونووسان بە لاگیرییەکی زۆر لێی دەدوێن، ترسێک لەنێو دەقەکانییان هەیە لەناساندنی ئەودا. قسەکردنیان لەسەری، لە بارەی بیر و باوەڕەکەی نییە، هەڵوێست وەرگرتنە لە کەسێتییەکەی و باسکردنی هەڵوێستی ئەوە لەوەی لەو زەمینە ئایینی و زانستی و دەسەڵاتییانەی

سـەردەمیدا دەگـوزەرا (هەروتـی، ٢٠١٩، ٧٤). سـەربردەی ئەو لای مێژوونووسـان، پڕیەتی لە وێنەی دژبەیەک و ئاڵۆزکاو؛ زەندیق و بێ دینە، بەڵام لە کـۆڕی ئەودا، پەیڕەوکـارانی هەمـوو ئایینەکـان هەبـوون (جـولەکە، مەسیحی، موسڵمان و...هتد). پیس و نەفرەتی بووە، بەڵام ڕێزی لای خەڵکی سـەردەمەکەی زۆربـووە. سـەرکۆنەی دەسـەڵاتدارانی دەکـرد، بەڵام هەر سـەریان لـێ دەدا...هتـد (ابـو شـامة، ٢٠١٠، ٢/١٦٩؛ اليـونيني،١٩٩٢، ٢/ ١٦٥). مێژوونووسـان خۆیـان بە تێگەیشـتنی ئەو وێنە دژانە مانـدوو نەکـردووە و نەیانویسـتووە تێـی بـگەن. ئەگەرنـا بـۆ عیـزز خـۆی تێگەیشـتراوبووە و لە جیهانبینیی فەلسەفییانەی ئەودا ئەو دژییەکەی تێدا نەبووە.

سـەرباری ئەو پـێگەیەی، بە گـوتەی مێژوونوسـان، لەبـواری فەلسـەفەدا هەیبووە. بەڵام هیچ دەقێکی عیززمان بۆ نەماوەتەوە، تا بتوانین بەهۆیەوە لە فەلسەفەکەی بگەین. بەڵام بەگشتی، لەوەدەچی پەیوەست بووبێ بەو فۆرمەی فەلسـەفەی ئیسـلامی خـۆی تێـدا جێگیـر کردبـوو. خـۆ ئەگەر چەنـد دەقێکـی شیعریشی وەک نموونە دەهێننەوە، ئەوا پتر لەبەر توانای ئەوە لە شیعردانان، نەک کرۆکـی شـیعرەکان. ئەگەرچـی دەشـێ ئەم دەقـانەی بەشـێک بـووبن لە ڕوانـگە فەلسـەفییانەکەی. خـۆ بەکارهێنـانی ئەدەب لەلایەن ئەو فەیلەسـوفە، پەیوەسـت بـووە بەو ئەرکەی لە سـەردەمی کلاسـیکدا بە ئەدەب بەخشـرابوو. ئەمەش بریتـی بـوو لە کۆمەڵێـک کـایەی مەعریفیـی – دونیـایی، لەلایەن ڕۆشـنبیرە شارنشـینەکانەوە، لەبوارەکـانی زانسـت و ئەتیـک و ئیسـتاتیکادا بەکـار دەهێنـرا (اركون، ١٩٩٧، ٣٥١). عیـززیش ڕێـک ئەم کـارەی کـردووە؛ لە یەکێک لە شیعرەکانییدا قسە لەبارەی بوون دەکات؛ بەتـایبەت ئەو حەقیقەتەی مـرۆڤ دەبـێ بیزانـێ لەبـارەی دەروونەوە. بـۆ ئەو لە سـەرووی کـاریگەرییە جەستەییەکانەوە، بـاڵاترین مەنزڵ خۆناسـینە، نەک خـۆ بە کۆیلەکردن؛ بوون بە کۆیلەی جەستە:

| | |
|---|---|
| كـمل حقيقتك التي لم تكمـل | والجسم دعه في الحضيض الأسفل |
| أتـكمل الفاني وتترك باقيـا | عـملا وأنت بـأمره لم تحفـل |
| الـجسم للنفس النفيسة آلـة | مـا لم تحصله بـها لم يحصـل |

يفـــنى وتبقى بعده في غبطـــة محمـــــودة أو شقوة لا تنجلـــي؛
(اليونيني،١٩٩٢، ٢/ ١٦٧)

وەک دەزانین، بەشی سەرەکی ستراتیژییەتی کاری فەلسەفەی ئیسلامیی، نزیکخستنەوەی باوەڕ و فەلسەفە بوو. فەیلەسوفان بەردەوام خەریکی ئەوە بوون وێنای مرۆڤی باوەڕدار بۆ خۆیان بکێشن و وەک زانای ئایینی خۆیان بنوێنن. هەڵوێستە ئایینیەکانی عیزز، بە قسەی مێژوونووسان بێ، ڕێگای ئەوەمان پێدەدا بڵێین، کە ئەو ئەم کارەی نەکردوە، بۆیە بە نوێژنەکەر و بێ دین وەسف کراوە(ابو شامة، ٢٠١٠، ١٦٩/٢). ئەمە بەو مانایە نایەت ئەو خۆی لە ئەهلی ئایین دابڕیبێ. بەڵکو – وەک گوتمان – لە زانستە ئایینیەکاندا لێهاتوو بوو. ئەوەی جێی ڕەخنەی ئەو بووە کەسێتی زانا ئایینیەکان و پراکتیزەکردنیان بووە بۆ بنەما ئایینییەکان.

مێژوونوسان، کاتێک سەربردەی کەسێکی ئاوای فەلسەفەمەشرەب دەنووسنەوە، کەمتر لا بەلای بیروباوەڕەکانی دەکەنەوە (حسین، ٢٠١٢، ٤٨؛ حسن، ٢٠٠٩، ٢٧٤)، چ جای کەسێک کە بیروباوەڕەکانی نەویستراو و ئەو کایە زانستییەی ئیشی تێدا دەکات، نەفرەتلێکراو بێت. لەگەڵ ئەوەشدا، لە گێڕانەوەی سەربردەی عیززدا دەبینین، خودان هەڵوێستی ئەوتۆ بووە، بەرجەستەی ڕوانگە فەلسەفییانەکەی کردووە. هەڵوێستێکی ناجۆر، بەپێی تێگەی سەردەمەکەی؛ لەدەرەوەی تێگەیشتنی نەریتییانە، پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەر گرێ دەدا. مێژوونووسان عیززی فەیلەسوفمان پێ ناناسێنن، تەنیا وێنای کەسێکمان دەخەنە بەر دیدە، کە نەیارە بەتەواوی ئەو سیستەمە ئایینی و هزریی و سیاسییەی لە سەردەمەکەیدا باو بوو. ئیدی وەک ئاماژەمان پێدا، لای ئەو ئەم جیاوازییانەی مرۆڤەکان لەیەکدی دادەبڕێ بوونیان نەماوە؛ پەیڕەوکارانی هەموو ئایینەکان بۆیان هەبووە گوێگری بن، پاشا و گەدا لە کۆڕەکانی ئامادە دەبوون، گوێی بە دەسەڵاتداران نەداوە و بە بێزەوە سەرەدەری لەگەڵدا کردوون، با خەڵکی وڵاتی خۆشی بووبن (الصفدي، ٢٠٠٧، ١١٩). ئیدی ئەو دەمانگێڕێتەوە بۆ بەردەم خۆبوونی، لە پەیوەندی لەگەڵ بەرامبەرەکەی لە دەرەوەی هەژموونی ئایینیانە، کە بەیەکەوە بوونی

سنوربەند کردبوو. بەڵام ئەو لە نێو بیرکردنەوەدا پەیوەندییەکەی دیار کردوە و لەوێوە بڕیاری لەسەر فۆرمی پەیوەندی داوە.

دواجار، دەبێ ئاماژە بەوە بدەین کە پێگەی بڵندی ئەم کەسێتییە وایکردبوو ئەستەم بێت کەسێتییەکەی وەلابنێن. بۆیە ئەوانەی مێژووی دەگێڕنەوە و پێیەوە سەرسام بوون، ئەوەندەی خەریکن بینوێنن، ئەوەندە تێگەیشتن و پەرەسەندنی هزرییانەی ئەویان نەخستۆتەڕوو. دێن کەسێتییەکەی بە چەشنێک وێنا دەکەن، کە فەزای گشتی بە هەبوونی ڕازی بێ. لە ناوکۆی ئاواشدا حەکایەتی وا دروست دەبێ، ڕەوایەتی بەم هەبوونە مێژووییەی بدات. دەڵێن لەسەرەمەرگدا گەڕاوەتە لای خودا؛ نێو شەریعەت و لە فەلسەفە و فەیلەسوفان دوورکەوتۆتەوە. گوایە دوا ڕستەی لەسەرەمەرگدا ئەوەبووە: ((خوای گەورە ڕاستی فەرمووە و ئیبن سینا درۆی کرد)) (اليونيني،١٩٩٢، ٢/ ١٦٧). خۆ وەنەبێ ئەم گێڕانەوەیە تەنیا پەیوەست بووبێ بە عیززەوە، بەڵکو نەریتێکی سەردەمەکە بووە بۆ سەلماندنی سەرکەوتنی پەیڕەوکارانی شەریعەت بەسەر ئەهلی زانستە عەقڵییەکانەوە؛ کاتێک دەگوترا زانایەک وازی لە لێکۆڵینەوەی فەلسەفی هێناوە، دڵخۆشییەکی زۆری لەگەڵ دەهات (جولدزيهر، ١٩٨٠، ١٣٥). ئەم حەکایەتەش بۆ بەردەنگانی ئاسودەبەخش بووە و وەک بەڵگەیەک بووە بۆ مولکداریکردنی حەقیقەتی ڕەها و جێگیرکردنی لەنێو سنورە تۆکمەکانی باوەڕیی فەرمیدا.

**مەنتیق لە دەربار‌دا – ئەزموونی سیراجەدینی ئورمەوی**

ئەوکاتەی لەلایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە پشتگیری لە زانستە عەقڵییەکان بکرێ، ئەوا حەکیم و زاناکانی بوارەکە، باشتر دەتوانن کاری خۆیان بکەن. ئەزموونی زانایەکی شاری ورمێ، لەم ڕووەوە، جێی سەرنجە. ئەویش قازی سیراجەدین مەحمود کوڕی ئەبوبەکری ورمێییە (٥٩٤-٦٨٢ک/ ١١٩٨-١٢٨٣ز)(٥). ئەم کەسە نوێنەرایەتیی کارەکتەری خوازراوی نێو تێگەیشتنی باوی ئایینی پانتاییە کوردییەکەی سەردەمەکەی دەکرد، هەم شافیعییەکی ئەشعەری، هەمیش کەلاماس و شارەزایەکی بواری زانستە عەقڵییەکان. لەوە دەچێ ئەو لە ورمێدا دەستی بە خوێندنی ئەم زانستانە کردبێ. دواتریش،

هاوشێوەی ئیبن صەلاح، لەسەردەستی کەمالەدین کوڕی یونس لە موسڵ، زیاتر ئەم زانستانەی خوێندووە (الأرموي، ١٩٨٨، ١/١٦؛ السبكي، ١٤١٣، ٨/٣٧١)، بەڵام ئەو وەک ئیبن صەلاحی نەکردووە نەفرەت لە عەقڵییەکان بکات و پابەند بێ بە نەقڵییەکانەوە، بەڵکو بەردەوام بووە لە خوێندنیان، تا وایلێهاتووە ببێتە یەک لە کارەکتەرە هەرە دیارەکانی هەردوو بوار. هەر ئەمەش وایکردووە پێی بگوترێ "شافیعیی دووەم"(الافلاكی، ١٣٨٥ ه.ق، ١/٤١٠). ئەم قازییە، سەرباری زانستە نەقڵییەکان، لە حیکمەت و کەلامناسی و لوژیکدا نووسیویەتی. لە هەموو ئەو بوارانەشدا نوسینەکانی بوونەتە تێکستی گرنگی نێو دەزگا زانستیی – ئایینیەکان و زۆرترین شرۆڤە و لێکدانەوەیان بۆ کراوە، ئەمەش چونکە ڕێکخراوانە و بە لێکۆڵینەوەی وردەوە، هەوڵیداوە بابەتەکان بخاتە ڕوو؛ بە بەڵگەسازیی عەقڵی و شەنوکەو کردنی وردی بەڵگەی بەرامبەرەکانی، ناسراوە.

لەبواری مەنتیقدا کتێبەکەی بەناوی "مطالع الانوار في المنطق والحكمة"، بە پوختترین و وردترین کتێبی بوارەکە لەسەردەمەکەیدا دانراوە، کە زۆرترین شرۆڤە و حاشیەی بۆ نوسراوە (الارموي، ١٩٨٨، ١/٥٤-٥٨). ئەمە سەرباری شرۆڤەکردنی کتێبی "الإشارات و التنبيهات" ئیبن سینا (٢٠١٩) و چەندین کتێبی دی لەبواری مەنتیق و فەلسەفە (الارموي، ١٣٩٣ه.ق،١/٧٤-٨٣). سیراجەدین لە دەستپێکی "مطالع الانوار"دا ڕوونی کردۆتەوە، کە ئەو لە زوویەکەوە خەریکی خوێندنی مەنتیق بووە؛ هەر زانایەک لەو بوارەدا شارەزایی هەبووبێ چۆتە خزمەتی و پرسە مەنتیقییەکانی لەگەڵیاندا دەور کردۆتەوە (١٣٩٣، ١/ ٧-٨). بەتێگەیشتنی ئەو مەنتیق بالاترینی زانستەکانە؛ وەک ئامرازێکی شرۆڤەکردن، لێکدانەوە و درککردن بە ڕاز و نیاز و هزری دەبینێ. بۆیە پێیوایە هەرکەسێک بخوازێت لەنێو کایە زانستییەکاندا بەرپێی خۆی بەباشی ببینێت و دووچاری سەرلێشێوان و هەڵەتێگەیشتن نەبێ، ئەوا وا پێویست دەکات لە مەنتیق شارەزابێت، چونکە پێوەری تێڕامان و هزرینە؛ هەر هزرێک بە تەرازووی مەنتیق نەپێورێ بەهای لەدەست دەدا (١٣٩٣، ١/ ٢-٤).

کەسێک ئاوا بیری کردبێتەوە، چاوەڕێ دەکرا، دووچاری بەریەککەوتن لەگەڵ هزری باوی سەردەمەکەی ببێتەوە، بەڵام سیراجەدین، بە حوکمی کەسێتییە ئاینییە – کارگێڕییەکەی خۆی، توانیویەتی ئەم بەشە گرنگەی هزری خۆی بە زیندوویی بهێڵێتەوە. بەدەستەواژەیەکی دی ئەگەر کارکردن لەسەر زانستە عەقڵییەکان بۆ کەسانێک بۆتە هۆکاری لەناوچوونیان و بەکەم تەماشاکردنیان لە ناوەندە زانستییە – ئاینییەکانەوە، ئەوا بۆ زاناکەی ورمێ هۆکارێک بووە بۆ زێتر دەرکەوتن و بەرزبوونەوەی پێگەی. ئەو کاتێک دەچێتە قۆشەنی سەلجوقییەکانی ڕۆم، لەلایەن سوڵتان علاء الدين کەیقوباد (٦١٦-٦٣٤ک/١٢١٩-١٢٣٦ز)ەوە بە شکۆوە پێشوازی لێکراوە (مجهول، ١٣٤٧، ٩١). لەوێ کراوەتە گەورەی قازیانی شاری قۆنیا. لەگەڵ ئەم کارەشی هەر خەریکی زانستە عەقڵییەکان بووە، کتێبی "لطائف الحكمة"ی بە فارسی نوسیوە و پێشکەشی سوڵتان عززەدین کەیکاوسی دووەم (٦٤٣-٦٥٥ک/ ١٢٤٦-١٢٥٧ز)ی کردووە، کە وا دیارە سوڵتانێکی حیکمەت دۆست بووە (ارموی، ١٣٥١، ٧). لەوێ پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتداران ئەوەند پتەو بووە و لەبەر کەسێتییەکەی خۆی، وەک دیپلۆماتکارێک دەرکەوتووە، کە تەنانەت کراوەتە نوێنەری سوڵتان بۆ لای هۆلاکۆی سەرکردەی مەغۆل، کاتێک هێرشی کردۆتە سەر ناوچەکە (اليونيني، ١٩٩٢، ٣٥٩/٢. مؤلف مجهول،٢٠٠٧، ٤٠١-٤٠٢). نەک هەر ڕۆمەکان بەڵکو کوردە ئەیوبییەکانیش پشتیان بە تواناکانی ئەو بەستووە. تەنانەت هەوڵیانداوە سوود لە کارکردنی لەسەر زانستە عەقڵییەکاندا ببەستن، بۆ پتەوکردنی پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانیان؛ مەلیک صالح نەجمەدین ئەیوب (٦٣٨-٦٤٧ک/١٢٥٠-١٢٦٠ز)، سیراجەدینی ناردۆتە لای ئیمپراتۆری پێشووی ڕۆما و پادشای صقلیە فرێدریکی دووەم (١٢٢٨-١٢٢٩ز). بەپێی گێڕانەوەی مێژوونوسانیش بێ، هۆکارێکی سەرەکی هەڵبژاردنی ئەم زانایاش پەیوەندی بەوەوە هەبووە، کە بە ئیمامی سەردەمەکەی لە زانستە عەقڵییەکان ناسرابوو، ئیمپراتۆریش مەیلی بەلای ئەم زانستانەوە بووە: ((مەلیک صالح، شێخی زانا سیراجەدینی ئورمەوی، کە ئێستا لە وڵاتی ڕۆم قازی قۆنیایە، بۆ نارد. سیراجەدین ماوەیەک لەلای ئەو

– فریدریک – مایەوە. تەنانەت کتێبێکیشی لەبارەی مەنتیق بۆ نوسی، ئیمپراتۆریش ڕێزی زۆری لێگرت. پاشان سیراجەدین بەڕێزەوە نێردرایەوە بۆ لای مەلیک صالح)) (ابن واصل، ١٩٥٧، ٢٤٧/٤). سیراجەدین گرفتێکی لەو نزیکییەی خۆی لە دەسەڵاتدارانی سەردەم نەبینیە، تا ئەوکاتەی کاریگەریان بەسەر هەڵوێستە هزرییەکانی نەبووە. نەک هەر ئەمە بەڵکو، لە چوارچێوەی قسەکردنی لەبارەی ڕەوشتی پادشایان و چۆنیەتی ڕەفتارکردنیانەوە، ستایشی ئەو دەسەڵاتدارانە دەکات، کە ڕێزیان لە ئەهلی زانستە عەقڵییەکان گرتووە، لەوانەش – لە هاوسەردەمانی خۆی – ناوی مەلیک کامیلی کوڕی مەلیک عادلی ئەیوبی (٥٧٦-٦٣٥ک/ ١٢١٨-١٢٣٨ز) دەهێنێ، کە: ((بەدرێژایی شەو لەگەڵ زانا و حەکیمان دادەنیشت و گفتوگۆی زانست، حیکمەت، فەرموودە، شیعر و سەربردەی پادشا و خەلیفەکان بەسەر دەبرد)) (ارموی، ١٣٥١، ٢٨٨). شێخی ورمێ لەخۆوە ئەمەی نەگوتووە، ئەو خۆی یەکێک لەوانە بووە، کە لەم دانیشتنانەی مەلیکە ئەیوبییەکەدا بەشدار بووە (المقريزي، ١٩٩٧، ٤٥١/١).

هەرچۆنێک بێت، وەک زانراوە، سیراجەدین دواتر گەڕاوەتەوە سەر کارەکەی خۆی و هەر لە وڵاتی سەلجوقیان ڕۆمدا ماوەتەوە، ئەمەش کاریگەرییەکانی لەسەردەمی خۆی بەسەر زانا کوردەکان، چ هی کوردستان یان شام و میصر، سنوردار کردووە. زانیارییەکی ئەوتۆشمان لەبارەی ڕۆڵی هەندێک لە شاگردەکانی ئەو، لەوانە تاجەدینی کوردی بەڕەسەن هەولێری (م. ٦٨٠ک/ ١٢٨١ز) و مەجدەدین ئیسماعیلی بەڕەسەن ماردینی (م. ٦٨٩ک/ ١٢٩٠ز) (الارموي، ٢٠١٣، ٢١-٢٢) نیە، کە ئاخۆ کاریان لەسەر زانستە عەقڵانییەکان کردووە و برەویان پێداوە یان نا. بەڵام ئەمە بەمانای نەمانی کاریگەریی سیراجەدین نیە بە سەر پانتایی کوردییەوە. کتێبی "مطالع الانوار" بۆتە یەکێک لە کتێبە سەرەکییەکانی خوێندنی مەنتیق لە قوتابخانە ئایینییەکانی کوردستاندا (البرواري، ٢٠١٣، ٥٧٣). لە زوویەکیشەوە کتێبەکە لەلایەن زاناکانی ئەم وڵاتە شرۆڤە و لێکدانەوەی بۆکراوە. شەرەفخانی بەدلیسی (٢٠٠١، ٥٧٦) ئاماژە بۆ زانای گەورە عەبدولرەحیمی بەدلیسی

دەکات، کە سەربارى ئەوەی چەند کتێبێکی لەبارەی مەنتیق هەبووە، هاتووە شەرحێکی "نایاب"ی کتێبەکەی زانای ورمێی کردووە.

**مانەوەی زانستە فەلسەفییەکان لە قوتابخانە و حوجرەکاندا**

جێکردنەوەی مەنتیق لەنێو گوتاری غەزالی و هەژمووونی بەسەر فیقهی شافیعییەوە، هەروەها مانەوەی غەزالییش لە پانتاییە کوردییەکە، زیندوویێتی فۆرمێک لە نەریتی فەلسەفییانەی مسۆگەرکرد (ڕۆوف،٢٠٠٨، ١٦). فۆرمێک کە دەبوایە تەواوی کارا شافیعییەکانی تێدا ببینرایەتەوە، تەنانەت ئیبن صەلاحی شارەزووریش. ئەگەر ئەو نەریتی غەزالییانەی ڕەتکردەوە، بەو مانایە نییە بخرێتە دەرەوەی ئەو سیستەمە فیقهییەی کاری لەسەر کردوە. بۆیە ئەوانی دوای ئیبن صەلاح بەهانە بۆ هەڵوێستەکەی دەهێننەوە و شرۆڤەی جیاواز بۆ ڕەخنەکانی دەکەن؛ وای لێکدەدەنەوە، ئەوەی ئەو ڕەتیکردۆتەوە مەنتقی فەلسەفییانە بووە، نەک مەنتیقە بەئیسلامییکراوەکەی غەزالی.

ئەمە ڕێک داکۆکیکردنی یەکێک لە کەسایەتییە زانستییە هەرە دیارەکانی درەنگترە، کە نووسینەکانی دەبنە بابەتی خوێندن لە قوتابخانە ئایینیە شافیعییەکان، بەتایبەت کوردستان، ئەویش گەورە زانای شافیعیی ئیبن حەجەری هەیثەمییە (٩٧٣ک/١٥٦٦ز)، کە پێی وایە فەتواکەی ئیبن صەلاح لەبارەی فەلسەفە دروستە و فەلسەفە گومڕاییە. بەڵام بەهانەی ئەوەی بۆ دێنێتەوە، کە نکۆڵی ئیبن صەلاح لە مەنتقێک بووە، کە بە ئاڕاستەی دەرچوون بووە لە شەریعەت. بۆیە بەهانەی بۆ دێنێتەوە و ڕایدەگەیەنێ، کە ئەو نکۆڵی لە زانستێک نەکردووە سود و قازانجی بە زانستی ئایینی گەیاندبێ: ((ئەو مەنتقەی ئێستا لەبەردەستی گەورە زانایانی ئەهلی سوننەدایە، شتێکی ئەوتۆی تێدا نییە نکۆڵی لێ بکرێ. هیچ بیروباوەڕی فەیلەسوفانیشی تێدا نییە. بەڵکو زانستێکی تیۆرییە و پێویستی بە ڕاهێنان و لێوردبوونەوە هەیە؛ لە پێناو ئەوەی لە بیرکردنەوەدا دووچاری هەڵە نەبین، پشتی پێ دە بەسترێ. بۆیە نەعوزوبیلا کەسێکی وەک ئیبن صەلاح یان لەو کەمتر نکۆڵی لێ بکات. ئەوەی نکۆڵی لێکردوە کەسانێکی درەنگترن، کە جاهیلن پێی، بۆیە دژایەتی

دەکەن)) ( ١٣٥٧، ١/ ٥٠).

هەر بۆیە جگە لەوانەی ئاماژەیان پێکرا، چەندین کەسایەتی وزانای دیکەی کورد هەبوون، کە سەرەدەریان لەگەڵ فەلسەفەدا هەبووە، جا چ لە کوردستاندا ژیابن یانیش ڕوویان کردبێتە وڵاتی شام و میصر، کە لێرە بەدواوە و لەسەردەمی مەملوکییەکاندا، سەنتەری زانستەکان و شوێنی فێربوون بوون. لەو زانایانە ناوی عززەدین حەسەن کوڕی ئەحمەدی ئەربللی (٦٦٣- ٧٢٦ ) دێت، کە خەڵکی گوندێکی دەوروبەری هەولێر بووە؛ کۆچی کردووە بۆ دیمەشق و تێیدا نیشتەجێ بووە (الاربلي، ١٩٤٧، ١١)، لەپاڵ ئەوەی وەک پزیشک و مێژوونووس ناوی دەرکردوە، هەم سۆفی بووە هەمیش خەریکی فەلسەفە بووە و بە حەکیم ناسراوە. ئەمەش بە دڵی زانا و مێژوونووسی هاوڕێ و هاوسەردەمی ذەهەبی (م. ٧٤٨ک/١٣٤٨ز) نەبووە، بۆیە لەبارەیەوە دەڵێ: (( لەگەڵ ئێمە، لە ساڵی حەوتسەد بەدواوە، دەوری کردۆتەوە و گوێگر بووە...ڕاستگۆ بوو لە گێڕانەوە و نەقڵکردندا، بەڵام تاریکبیر بووە لە باوەڕدا)) (الذهبي، ١٩٨٨، ٢٠٩/١). ئەم حوکمەشی لەسەر ئەوە داوە، کە زاناکەی هەولێر"فەلسەفاندویەتی – متفلسفا"، با لەبواری زانستە شەرعییەکانیشدا باڵادەست و دیار بووبێ.

لە وڵاتی میصریش ژیانی ئەو زانا کوردانەی ئاوا لەبواری زانستە فەلسەفییەکاندا دەرکەوتوون، ئاسان نەبووە؛ لە ناوەندە زانستییە فیقهییە هەژمونگەراکەدا هەم بەکەم تەماشا دەکران، هەمیش دووچاری گرفتی زۆر دەبوونەوە، تا ئاستی لە دەستدانی ژیانیان. ئەزموونی ئیسماعیلی کوڕی سەعیدی کوردی نموونەیەکی گرنگە لەم ڕووەدا. ئەو ئەگەرچی وەک کەسێکی شارەزا لە قورئانخوێنی، فیقهی ئیسلامی و ڕێزمانی عەرەبی، زمان پاراوی و وەڵامبەدەستی ناوبانگی دەرکردبوو، بەڵام کارکردنی لەبواری مەنتیق و هەڵوێستی لە مەسەلەیەکی هەستیاری وەک "پێغەمبەریتی – النبوة"، وایکردبووە بە ئاسانی ڕووبەڕووی هەڵوێستی توندی ئەوانە ببێتەوە کە دژ بە ئاڕاستە هزرییەکەی بوون، تا وایلێهات بە ئیسماعیلی کافر و ئیسماعیلی زەندیق بانگ دەکرا (ابن حجر العسقلاني، ١٩٧٢، ١/ ٤٣٦-٤٣٧).

نەک هەر ئەمە، بەڵکو دادگایی کراو و فەرمانی کوشتنی بۆ دەرکرا، دواتریش لە ساڵی (٧٢٠ک/١٣٢٠ز) ملیان پەڵدا (المقريزي، ٢٠٠٦، ٥٣/٢).

ئەم هەڵوێستانە ڕێگر نەبوون لە بەردەوامێتی زانستە فەلسەفییەکان لە نێو ئەلقەی زانا کوردەکاندا. بۆیە، هەندێک لە زانا کوردەکانی وڵاتی شام و میصر، وەک نەریتێکی کەڵەکەبووی سیستەمە فیقهییە – زانستییەکە، دەزتیان لە فێربـوو و فێرکردنـی زانسـتە عەقڵییەکـان هەڵنەدەگـرت. تەنـانەت، لە هیستۆریۆگرافیای درەنگ تایبەت بە ژیننامەی زاناکانی جیهانی ئیسلامی، وا دەبینرێ خوێندن و گوتنەوەی فەلسەفە و مەنتیق، لە پانتایی پەیڕەوکارانی "سـوننەت و جەمـاعە" خەریـک بـووە تـایبەت ببـێ بە زانـا کـوردە – شافیعییەکانەوە (بۆ نموونە بڕوانە: السخاوي، دون تاريخ ، ٢٤٤/٤؛ ١٢٩/٥؛ ٢٢٤/٨-٢٢٥؛ ٣٣٧/١٠-٣٣٨)، جا چ ئەوانەی لەنوێ لە کوردستانەوە دەچوونە ئەوێ، یانیش لەو کوردانە بوون، کە دەمێک بوو لە شام و میصردا نیشتەجێ ببـوون، لەو کەسـانەی زۆر ناویـان دێ، هەردوو زانـای شـافیعیی مەزهەب یوسـفی کـوردی (م. ٨٨٨ک/١٤٨٣ز)، هەروەهـا عوسـمانی کـوردی (٨٢٩ – ٨٩٨ک/ )، کە خەڵکـی شـاری ورمـێ بـوو (السـخاوي، دون تـاريخ : ١٢٩/٥؛ ٣٣٧/١٠-٣٣٨).

لە کوردسـتانیش لەو زانسـتانەی لە قوتابخـانە و سـەنتەرە ئایینیەکانـدا دەخـوێنران؛ فەلسـەفە، مـەنتق، فیزیـک، ماتماتیـک، ئەسـتێرەناسـی، پزیشـکی و کیمیـا...هتد(عەلیـاوەیی، ٢٠٠٣، ٩٢)، سـەرچاوەکەیان زانسـتە فەلسـەفییەکانی سـەردەمی کلاسیک بـوو. لە مـاوەی چەنـد سـەدەی دواییشـدا، شـەریعەتییانە ئـیش لەسـەر ئەم کایـانە دەکـرا و لە نـاوکۆی فیقهیـی شافیعیشـدا ڕەوایەتـی هەبوو. ئەمە بۆچوونی یەکێک لە سەرچاوەکانی خوێندنە لە قوتابخانەکان، کە کـار بە ڕوانـگەی ئەو کـراوە لە دیـارکردنی پـێگەی ئەم چەشـنە زانسـتانە، ئەویش گەورە زانای فیقهیی شافیعیی عەبدوڵای کوڕی عومەری بەیضاوییە (م. ٦٨٥ک/ ١٢٩٢ز). ئەو پێـی وابـووە بـۆ زانسـتە عەقڵییەکـان، بـۆ ڕوونکـردنەوەی زێـدەتری شـەریعەت و سـەلماندنی ڕاسـتی و دروسـتی بنەماکانیەتی، بە بەڵگەی عەقڵانی یاخود بینراو. ئەمەش لە پێناو ناسینەوەی

ئەو بنەمایانە و ڕەتکردنەوەی هەر بۆچوونێکی پێچەوانە (ڕؤوف، ٢٠٠٨، ١٦).

هەر ئەو بەردەوامێتییە وایکردوە کتێبە مەنتیقییەکان، لە حوجرە و قوتابخانەکانی کوردستان، بەردەوام بنووسرێنەوە و شرۆڤە بکرێن، تەنانەت هێندێک جار زانای ئاواش دەربکەوێ لەم بوارەدا بنووسێ و تا سەردەمانی درەنگ مەنتق وەک یەک لە زانستە بە شکۆکان، تەماشا بکرێ (القرداغي، ١٢ ١٦٤، ٢٠٠، ٢١٤، ٢٢٩). کاری مزگەوت و قوتابخانە ئایینییەکان پێگەیاندنی کەسانی شارەزابوو لەو زانستە مێژووکردانەی لە چوارچێوەی هزری سوننەگەرای شافیعییەوە قەبوڵکراو بوون. لەدەرەوەی ئەم دەزگا فێرکارییانە زانست نەدەخوێندران، بەتایبەتیش زانستە عەقڵییەکان، کە نەیاندەتوانی بەردەوام بن بێ پشتگیریی ئەم دەزگایانە و پاڵپشتیی سەرمایە ڕەمزییەکانیان. بۆیە ئەگەر لەنێو ئەو دەزگایانەدا تەنیا مەنتیق و زانستە وردەکانی وەک پزیشکی، بیرکاری و ...هتد، ڕێگە پێدراو بوون، ئەوا لە دەرەوەی ئەوانە و تایبەت بە زانستە فەلسەفییەکانی دی وەک (ئەخلاق، میتافیزیک...هتد) پشتگوێ خرابوون؛ نەک هەر سەرنجی ئەهلی زانست و فێرخوازانی ڕانەدەکێشا، بەڵکو بەکاریگەریی زەمەن، چووبوونە خانەی لەبیرکراوەوە و چیدی قسەیان لەبارەوە نەدەکرا.

لە تەمەنی خوێندنی ئایینی لە کوردستان، کە گوزارشت لە تێگەی فەرمی شافیعییانەی ئایین دەکات، فەلسەفە نە گوتار بەرهەم دێنێ و نە لەخۆشیدا کردەی فەلسەفاندن چێ دەکات، ئەوەندەی مەنتقێک دەخاتە بەردەم گوتارە فیقهییەکەی، بۆ ڕەوایەتی دان بەو سیستەمەی لە بەرهەمهێنانی خۆی و بەردەوامیدان بە گوتارەکە کاری پێ دەکات. مێژوونووس عیماد عەبدولسەلام ڕەئوف(٢٠٠٨، ١٦)، ئەزموونی خوێندنی ئایینی لە کوردستان، لە چەند سەدەی کۆتایی هەڵسەنگاندوە و نووسیویەتییەوە، لە توێژینەوەکەی بەوە دەگەین، کە ئەگەرچی زانستە عەقڵییەکان بە زیندوویی ماونەتەوە، بەڵام زانایانی کورد دەقی نوێیی فەلسەفییان بەرهەم نەهێناوە، ئەوەی کردوویانە، سەرباری گوتنەوەی زانستە عەقڵییەکان و هێشتنەوەی وەک نەریتێکی فێرکارییانە، پتر خەریکی پەراوێزدانان و ڕوونکردنەوە و شرۆڤەکردنی دەقە

باوەکان بوو، بۆ ئەوەی فەقیهەکان و فێرخوازانیان بتوانن باشتر لەو دەقانە بگەن. ئەوان لەسەر هەمان ڕێچکەی باوی زەمینە ئیسلامییەکەدا ڕۆیشتوون، پشتیان بەم مەتن و دەقە مەنتیقییانە دەبەست، کە ناومان هێنان. لە زۆربەی کاتدا دەقاودەق لێیان وەردەگرتن، یانیش لەسەر بنەمای ئەو ڕێسایانەی لەو دەقانە هەبوون، بابەتە مەنتیقییەکانیان شرۆڤە کردووە. ئەمە ئەو قالبەیە، کە بیرکردنەوەی فەلسەفییانە بەدرێژایی ئەو چەند سەدەیە خۆی تێدا بینیوەتەوە. لەڕاستیدا چاوەڕێی ئەوە ناکرێ لە نێو فەزایەکی ئاوای قوتابخانەییانەی خوێندنی فەلسەفەدا، فەیلەسوف دروست ببێ. دەقی فەلسەفیش نایەتە بەرهەم.

## ئەنجام

پەیوەندی کورد بە بیرکردنەوە بە گشتی و بیرکردنەوەی فەلسەفییانە بەتایبەتی، بریتی بوو لە مێژووی گەشەسەندنی تێگەیشتنی کوردانە لە باوەڕە ئایینیەکە خۆی، کە ئیسلامە. تێگەیشتنێک کە لە چەند سەدەی دوای هەژموونی دەسەڵاتییانەی ئیسلام بە سەر پانتایی کوردی، لە هەڵبەز و دابەز دابووە و کاریگەریشی بەسەر گەڵاڵەبوونی ئیسلامی کوردییانە لە دوور مەودادا هەبووە.

هەندێک لە زانا کوردەکان (وەک ئیبن صەلاحی شارەزووری) ڕاستەوخۆ دژایەتی هەموو فۆرمێکی بیرکردنەوەی فەلسەفیان کردووە، هەندێکیش لەوانەی خەڵکی ولاتەکە بوون برەوینا بەم زانستانە داوە و کاریان لەسەر کردووە (عیززی هەولێری و چەندانی دی). بەڵام لە پانتایی کوردیدا، نە مۆدێلی دژە فەلسەفییانەی ئیبن صەلاح و نە مۆدێلی فەلسەفاندن و هەڵوێستی عیزز، سەردەگرن. هەردووکیان، وەک وێنەی دابڕاو لە نێو ئیسلامی کوردیدا، دەمێننەوە. خۆ ئامادەیی بەرهەمەکانی ئیبن صەلاح لەو پانتاییە، وەک سەرچاوەیەک بۆ زانستەکانی فەرموودە، ئەگەری کاریگەریی فەتواکانی بە کراوەیی هێشتبووە. بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێ گوتارە دژە مەنتقییەکەی ئەو، بەسەر دەستەبژێری ئایینی – زانستیی ئەوێدا سنووردار بووە. ئەوەی زێتر جێکەوتەی هەبووە و سەرکەوت؛ مۆدێلە قوتابخانەییە – فیقهییەکەی غەزالی بوو، کە، لە یەک ڕستەدا، بریتی بووە لە بەتاڵکردنەوەی فەلسەفە لە فەلسەفاندن و لە خۆگرتنی قالبە مەنتیقییەکەی، بۆ فێربوون و تێگەیشتنی باشتری کایەی ئایینی. بە دەستەواژەیەکی دی: بەئامرازکردنی فەلسەفە بوو؛ بەکارهێنانی وەک ئامرازێک بۆ تێگەیشتنی باشتری ئایینیانە لە جیهان. هەربۆیە لە پانتایی کوردیدا، جیاواز لە هی زۆربەی ناوچەکانی دی جیهانی ئیسلامی، خوێندنی مەنتق حەرام نەکراوە و زانا شافیعییە کوردەکان، جگە لە ئەزموونی ئیبن صەلاح، زۆر کەم نەبێ دژایەتی زانستە فەلسەفییەکانیان نەکردووە.

**پەراوێزەکان:**

(١) سەرچاوەکان لە قسەکردنیان لەسەر گەورە زانای شیعەی هەولێر بەهائەدین عەلی کوڕی عیسا (م.٦٩٢ک\١٢٩٣ز). لەگەڵ زانای حەنبەلی شیخ نور الدین عبد الرحمن البصري (م. ٦٨٤ک\ ١٢٨٥) ئاماژە بۆ ئەم بەسەرهاتە دەکەن: (( محەمەدی کوڕی ئیبراهیمی خالدی بەردەوام لەگەڵ شێخ نورەدین بوو، تا ئەو ڕادەیەی شێخ کچەکەی خۆی پێدا. پێی گوتم: جارێک شێخ لە موستەنسرییە لە کۆبوونەوەیەکی دادوەریی بەشداربوو، کە چەندین کەسی بە شان و شاوکەتی تێدا ئامادەبوو. وارێکەوت شێخ بە تەنیشت بەهائەدین کوڕی فەخرەدین عیساوە، کە نوسەری دیوانی ئینشا بوو، دانیشت. خەڵکەکە گفتوگۆیان دەکرد. لە – مەسەلە شەرعییەکەدا – شێخ نورەدین لەنێویاندا دەرکەوت و ڕاوبۆچوونی ئەو قەبوڵکرا. کوڕی فەخرەدین عیسا لێی پرسی: جەنابی شێخ خەڵکی کوێی؟ ئەویش گوتی: بەسرا. پرسی: مەزهەبت؟ گوتی: حەنبەلیم. ئەویش گوتی: سەیرە بەسرایی بی و حەنبەلی بیت. شێخیش پێی گوت: لەوەش سەیرتر هەیە؛ کورد بی و ڕافزیی بیت! ئیبن فەخر عیسا لەشەرمان بێدەنگ بوو. ئەو کوردێکی ڕافزیی (شیعە) بوو، لەکاتێکدا ڕافزییبوون لە نێو کورداندا نییە، هەشبێ دەگمەنە)) (ابن رجب، ٢٠٠٥، ٤/١٩٦-١٩٧)

(٢) ئامەدی خاوەنی چەندان کتێبی گرنگە لە بوارەکانی فەلسەفە، کەلامناسیی، فیقهی ئیسلامی و بواری دی زانستی. لەبارەی هزر و بۆچوونەکانی، چەندین لێکۆڵینەوەی گرنگ هەن؛ ڕەنگە هی هەریەک لە Bernard G. Weiss (٢٠١٠) و حسن الشافعي (١٩٩٨)، لە دیارترینیان بن.

(٣) ئەو کاتە شاری عەککای فەلەستین، لەلایەن خاچپییەکانەوە دەستی بەسەر داگیرابوو.

(٤) وەک ئاماژەیەک بۆ مانەوەی کاریگەریی فەتواکەی ئیبن صەلاح تا درەنگانێک، دەشێ ئاماژە بۆ زانای مەغریب شێخ ئەبو زەید عەبدولرەحمانی ئەخضەری مالیکی (م. ٩٨٣ک/ ١٥٧٥ز) بکەین، کە بە شیعر دەڵێ:

وَالخُلفُ فِي جَوَازِ الاشتغَالِ *** بِهِ عَلَى ثَلاثَةٍ، أَقوَالِ

فَابنُ الصَّلاحِ وَالنَّوَاوِي حَرَّمَا *** وَقَالَ قَومٌ يَنبَغِي أَن يُعلَمَا (٢٠١٥: ١١)

پێشینان لەبارەی کارکردن (لەسەر مەنتیق)، سێ قەولیان هەیە؛ ئیبن صەلاح و نەوەوی حەرامیان کردووە، هەندێکیش گوتیان دەبێ بخوێنرێ.

(٥) توێژەر عبد الحميد عەلی ئەبو زەنید، کە کتێبی "التحصیل من المحصول"ی سیراجەدینی تەحقیق و چاپکردوە، ئاماژەی بەوەداوە لە هەندێک سەرچاوە، ئەم زانایە، بە تەنوخی ناوی براوە. بەڵام ڕایدەگەیەنێ دوای گەڕان و لێکۆڵینەوەی زۆر، سەرچاوەی ئەم نازناوەی بەدەست نەکەوتوە، لە کاتێکدا کە سیراجەدین لە بنەچەدا کوردە (١٩٨٨: ١/١٥).

## سەرچاوەکان

### یەکەم: سەرچاوە ڕەسەنەکان

### ١. عەرەبییەکان

الأخضري، أبي زيد عبد الرحمن بن محمد المالكي. (٢٠١٥)

- أرجوزة السلم المنورق في المنطق، تحقيق: سعد الدين محمد الابيض، دار الكتب العلمية: بيروت.

الأربلي، الحسن بن احمد بن زفر (١٩٤٧)

- مدارس دمشق وربطها وجوامعها وحماماتها، بتحقيق: محمد احمد دهمان، دمشق: مطبعة الترقي.

الأرموي، القاضي سراج الدين محمود بن ابي بكر (١٩٨٨)

- التحصيل من المحصول، دراسة وتحقيق: الدكتور عبد الحميد علي أبو زنيد، بيروت: مؤسسة الرسالة للطباعة والنشر والتوزيع. (٢٠١٣)
- رسالة في الفرق بين نوعي العلم الإلهي والكلام، تحقيق: محمد اكرم أبو غوش، عمان: دار النور المبين. (٢٠١٩)
- شرح الإشارات والتنبيهات للشيخ الرئيس أبي علي الحسين بن عبد الله بن سينا، بتحقيق: الشيخ عمار التميمي، قم: دار زين العابدين.(١٣٩٣ ه.ق)
- مطالع الانوار، صححه و قدم له: أبو القاسم رحماني، تهران: موسسه پژوهشی حکمت و فلسفه ایران.

البدليسي، الامير شرفخان (٢٠٠١)

- شرفنامه، ترجمة: محمد جميل الملا احمد الروژبياني، الطبعة الثانية، اربيل: مؤسسة موكرياني.

ابن تيمية، شيخ الإسلام أحمد بن عبد الحليم الحراني.(١٤٣٥ هـ)

- الإنتصار لأهل الأثر (المطبوع باسم: نقض المنطق)، مكة المكرمة: دار عالم الفوائد، المحقق: عبد الرحمن بن حسن قائد. (١٩٩٥)
- مجموع الفتاوى، حققه: عبد الرحمن محمد قاسم المدينة المنورة: مجمع الملك فهد لطباعة المصحف الشريف.

ابن حجر العسقلاني، شهاب الدين، أبو الفضل، أحمد بن علي (١٩٧٢)

- الدرر الكامنة في أعيان المائة الثامنة، حيدر آباد الدكن الهند: دائرة المعارف العثمانية.

ابن خلكان، أبو العباس شمس الدين، (د.ت).
- وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان، تحقيق: إحسان عباس، بيروت: دار صادر.
الذهبي، شمس الدين قايماز. (٢٠٠٥)
- تاريخ الإسلام ووفيات المشاهير والأعلام، بيروت، دار الكتب العلمية، تحقيق: مصطفى عبد القادر عطا-.(١٩٨٨)
- معجم الشيوخ الكبير، بتحقيق: محمد الحبيب الهيل، الطائف - المملكة العربية السعودية: مكتبة الصديق..
ابن رجب، زين الدين عبد الرحمن السلامي الحنبلي. (٢٠٠٥)
- ذيل طبقات الحنابلة، حققه: د عبد الرحمن بن سليمان العثيمين، الرياض: مكتبة العبيكان.
السبكي، تاج الدين عبد الوهاب بن تقي الدين (١٤١٣هـ)
- طبقات الشافعية الكبرى، بتحقيق: محمود محمد الطناحي و عبد الفتاح محمد الحلو، الطبعة الثانية، الجيزة: دار هجر للطباعة والنشر والتوزيع.
السخاوي، شمس الدين أبو الخير محمد بن عبد الرحمن (بدون تاريخ)
- الضوء اللامع لأهل القرن التاسع، بيروت: منشورات دار مكتبة الحياة.
ابو شامة، عبد الرحمن المقدسي. (٢٠١٠)
- المذيل على الروضتين، حققه: ابراهيم الزيبق دمشق: دار الرسالة.
الصفدي، صلاح الدين خليل بن أيبک (٢٠٠٧)
- نكث الهميان في نكت العميان، علق عليه ووضع حواشيه: مصطفى عبد القادر عطا، بيروت – لبنان: دار الكتب العلمية.
ابن الصلاح، عثمان بن عبد الرحمن الشهرزوري. (١٩٩٢)
- طبقات الفقهاء الشافعية، المحقق: محيي الدين علي نجيب، بيروت: دار البشائر الإسلامية. (١٩٨٦)
- فتاوى ومسائل ابن الصلاح، حققه: عبد المعطى أمين قلعجي، بيروت: دار المعرفة.
الغزالي، أبو حامد محمد بن محمد الغزالي الطوسي (٢٠٠٣)
- القسطاس المستقيم، ضمن كتاب: مجموعة رسائل الامام الغزالي، بيروت: دار الفكر.
مؤلف مجهول - من أهل القرن السابع الهجري (٢٠٠٧)
- أخبار سلاجقة الروم - مختصر سلجوقنامه، تعريب: محمد سعيد جمال الدين،

الطبعة الثانية، القاهرة: المركز القومي للترجمة.
المقريزي، أحمد بن علي بن عبد القادر (١٩٩٧)
- السلوك لمعرفة دول الملوك، بتحقيق: محمد عبد القادر عطا، بيروت: دار الكتب العلمية. (٢٠٠٦)
- المقفى الكبير، تحقيق: محمد اليعلاوي، الطبعة الثانية، بيروت: دار الغرب الإسلامي.
النعيمي، عبد القادر بن محمد النعيمي. (١٩٩٠)
- الدارس في تاريخ المدارس، تحقيق: إبراهيم شمس الدين، بيروت: دار الكتب العلمية،.
الهيتمي، ابن حجر شهاب الدين أبو العباس. (١٣٥٧ه)
- الفتاوى الكبرى الفقهية، مصر: المكتبة الإسلامية.
ابن واصل، جمال الدين محمد بن سالم (١٩٥٧)
- مفرج الكروب في أخبار بني أيوب، تحقيق: حسنين محمد ربيع و سعيد عبد الفتاح عاشور، القاهرة: دار الكتب والوثائق القومية - المطبعة الأميرية.
ياقوت الحموي، شهاب الدين ابي عبدالله الرومي. (١٩٩٥)
- معجم البلدان، بيروت: دار صادر.
اليونيني، ابو الفتح موسى. (١٩٩٢)
- ذيل مرآة الزمان، القاهرة: دار الكتاب الإسلامي.

**٢. فارسییەکان**

الافلاکی، شمس الدین احمد العارفی (١٣٨٥ هـ.ش)
- مناقب العارفين، بكوشش: تحسين يازيجى، چاپ چهارم، تهران: دنيای كتاب.
ارموی، سراج الدين محمود (١٣٥١ هـ.ش)
- لطائف الحكمة، به تصحيح: غلامحسين يوسفی، تهران: انتشارات بنياد فرهنگ ايران.
سيد مرتضى، ابن داعى حسنى رازي ( منسوب). (١٣٨٣هـ.ش)
- تبصرة العوام في معرفة مقالات الانام، بتصحيح: عباس اقبال، طهران: انتشارات اساطير.
مجهول، نيمهء دوم قرن هفتم (١٣٤٧)
- مناقب اوحد الدين حامد بن ابي الفخر كرمانى، با تصحيح: بديع الزمان فروزانفر، تهران: بنگاه ترجمه و نشر كتاب.

**دووەم: سەرچاوە نوێیەکان**

**عەرەبییەکان**

أركون، محمد. (١٩٩٧)
- نزعة الأنسنة في الفكر العربي، ترجمة: هاشم صالح، بيروت: دار الساقي.
بدوي، عبد المجيد أبو الفتوح. (١٩٨٣)
- التاريخ السياسي و الفكري للمذهب السني في المشرق الإسلامي، جدة: عالم المعرفة.
البرواري، محمد زكي ملا حسين (٢٠١٣)
- الحالة العلمية و دور المساجد المدرسية في كوردستان العراق، منشور ضمن: المؤتمر الدولي للعلوم الإسلامية بين المدارس الدينية التقليدية والكليات الدينية المعاصرة، منشورات جامعة بنگول، تركيا.
جولدتسيهر، اجنتس. (١٩٨٠)
- موقف أهل السنة القدماء بإزاء علوم الأوائل، ضمن كتاب: التراث اليوناني في الحضارة الإسلامية، ترجمة: عبدالرحمن بدوي، الكويت: وكالة المطبوعات.
حسن، قادر محمد. (٢٠٠٩)
- إسهامات الكرد في الحضارة الإسلامية، دهوك: دار سپيريز.
حسين، محسن محمد. (٢٠١٢)
- بحوث في التأريخ الكردي، اربيل: مطبعة الحاج هاشم.
رؤوف، عماد عبدالسلام. (٢٠٠٨)
- مراكز ثقافية مغمورة في كردستان، أربيل: مؤسسة موكرياني للبحوث والنشر.
الشافعي، حسن. (١٩٩٨)
- الآمدي و آراؤه الكلامية، القاهرة – الإسكندرية: دار السلام للطباعة والنشر والتوزيع والترجمة.
عنيات، عبد الكريم. (٢٠١٣)
- أسلمة المنطق – الأورغانون الأرسطي بين يدي الغزالي، الرباط: دار الأمان.
قادر، كامل اسود (٢٠١٤)
- دور الكورد الحضاري في مصر وبلاد الشام خلال عهد دولة المماليك الجراكسة، اربيل: مطبوعات الاكاديمية الكوردية.
لشكري، حيدر. (٢٠٠٤)

- الكرد في المعرفة التاريخية الإسلامية – دراسة تحليلية نقدية، دهوك: دار سپيرێز.

لشكري، حيدر. (٢٠١٨)

- الكرد و الإسلام السني - الانتماء العرقي والهوية الدينية، ضمن: المسلمون في كردستان: السنة، الشيعة، الخورشيديون،أبو ظبي: مركز المسبار للدراسات والبحوث.

ياسين، كمال صادق. (٢٠١٢)

- الإمام ابن الصلاح الشهرزوري وموقفه من علم المنطق والفلسفة، مجلة زانكو للعلوم الإنسانية، العدد (٥٢)، جامعة صلاح الدين: أربيل.

**٢. کوردییەکان**

ئەمین، ئاواز جەمال. (٢٠١٧)

- ڕێبازی شافیعی لە کوردستان لە هاتنی سەلجوقییەکانەوە تا کۆتایی خەلافەتی عەبباسی، وەرگێرانی: ڕەمەزان حەمەدەمین، کۆیە: کتێبخانەی سۆفیا.

تۆفیق، زرار صدیق. (٢٠١٤)

- کۆمەڵگای کوردەواری لە سەدەکانی ناوەڕاست، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

عەلیاوەیی، مەلا محەمەد. (٢٠٠٣)

– ژیانی فەقێیاتی لە کوردستان دا لە سەدەی ١٣و١٤ی کۆچی دا، سلێمانی.

لەشکری، حەیدەر. (٢٠١٣A)

– خەواریجەکان لە وڵاتی کوردان – لە دامەزراندنی ناسنامەی ئایینیەوە بۆ شکستی سیاسی (٢٥٢-٣٤٦ک/ ٨٦٦-٩٥٧ز)، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژ (٢٧).

لەشکری، حەیدەر. (٢٠١٣B)

- لە شەریعەتەوە بۆ حەقیقەت – سەرهەڵدانی سۆفیگەری لە پانتایی کوردیدا، هەولێر: خانەی موکریانی.

**٣. ئینگلیزییەکان**

Dickinson, Eerik. (2002)

- Shahrazūrī-al Ṣalāḥ-al Ibn and the Isnad, Journal of the American Oriental Society, Vol. 122, No. 3.

Weiss, Brnrad G. (2010)

- The search for God's Low –Islamic jurisprudence in the writings of Sayf al-DAmidî-al în. The University of Utah Press.

**الملخص**

**علماء كوردستان و الفكر الفلسفي في العصر الوسيط**

موضوع هذا البحث هو مشاركة وموقف العلماء الكرد من الفكر الفلسفي في الحضارة الإسلامية. يركز الباحث فيه على موقف علماء الكرد من العمل و انتاج الفكر الفلسفي، وقد رتبط هذا الموقف بتاريخ تطور الفهم الكردي للمعتقد الديني الاسلامي نفسه. انخرطت النخبة الكردية، ومعظمهم من علماء الدين، في التجربة الدينية للمدارس الفقهية الوسطية وقبلت أطروحاتهم وآرائهم في المجال الاسلامي العام. إذا ما عمل هولاء على التفكير المنهجي، فقد تم ذلك من خلال تبنيهم لأطروحات وآراء صاغوها حول المجالات العلمية للفضاء الإسلامي ، بما في ذلك الفلسفة والمنطق.

وقد شارك بعض العلماء بشكل مباشر في إنتاج هذه العلوم ، بينما عارضها آخرون تحت تأثير انتماءاتهم المذهبية ومعتقداتهم الدينية. ومع ذلك، فإن دور العلماء الكرد في تطوير العلوم الفلسفية كان ملحوظا، وحتى وقت متاخر من العصر الكلاسيكي، تم تدريس بعض هذه العلوم في المراكز العلمية الدينية في كردستان.

**الكلمات الدالة:** الكرد و الاسلام، الفلسفة الإسلامية، المنطق، المدارس الدينية

## Abstract

**Kurdistan scholars and philosophical thought in the Middle ages**

Kurdish of position and participation the about is research this the it, In civilization. Islamic in thought philosophical on scholars work towards scholars Kurdish of position the on focuses researcher has position this and thought, philosophical of production the and Kurdish the of opmentdevel the of history the to linked been elite, Kurdish The itself. belief religious Islamic the of understanding the of experience religious the in engaged scholars, religious mostly and theses their accepted and jurisprudence of schools moderate systematic on worked they If sphere. amicIsl general the in opinions they that opinions and theses adopting by done was this thinking, including space, Islamic the of fields scientific the on formulated the in directly participated scholars Some logic. and philosophy the under them opposed others while sciences, heset of production However, beliefs. religious and affiliations sectarian their of influence philosophical of development the in scholars Kurdish of role the of some era, classical the in late until and remarkable, was sciences .Kurdistan in centres scientific religious in taught were sciences these


**Kurds the words:** Key and Islam logic, philosophy, Islamic , schools religious